# ئەمە چایخانەی(عەبۆ)یە یان كۆبوونەوەی باوكانە؟

## نەخێر، ئەمە كۆبوونەوەی وەزیرانە لە هەولێر. ئەی وەزیراتەكانمان لەكوێن؟ بێ گومان ئەم حكومەتە لایەنگیری مافی ئازادی ژنانە، بەڵام ژنان دەبێ لەماڵەوە بمێننەوە، ئەوانیش وەك باوك، بە یاسا، بڕیار بۆ ئازادبوونیان دەردەكەن!!

سەلام عەبدوڵڵا

# سەرۆكی حكومەت سەرپەرشتی كۆبوونەوەیەكی ئەنجومەنی وەزیرانی كرد

## هەردوو بریكاری وەزارەتەكانی دارایی و پیشەسازی سوێندی یاساییان خوارد



پێش نیوەڕۆی دوێنێ ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆكایەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە ئامادەبوونی سەركیس ئاغاجان جێگری سەرۆكی حكومەت لە تەلاری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا یەكەم كۆبوونەوەی دوای هەمواركردنی وەزاری كرد. لە كۆبوونەوەكەدا سەرەتا نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە وەزیرە نوێیەكان كرد كە پۆستی تازەیان پێسپێردراوە و داوای لێكردن كە دەبێ جێی متمانەی هاووڵاتیان بن و ئەم بەرپرسیارێتییەیان بەشێوەیەكی ڕێكوپێك بۆ خزمەتكردنی زیاتری میللەتەكەمان و بووژاندنەوەی كوردستان بخەنەگەڕ. هەروەها بەڕێزی ڕێنمایی دا بەو وەزیرانە كە دەبێ ئەوپەڕی دڵسۆزی و هەوڵ و توانای خۆیان بۆ خزمەتكردن و تێكەڵاوبوون لەگەڵ چین و توێژەكانی كۆمەڵگەكەمان نیشان بدەن و بەپیر داواكاری و داخوازییەكانی جەماوەر بێن و ببنە جێگەی بڕواو ڕەزامەندی هاووڵاتیان.
هەر لە وتەكەیدا نێچیرڤان بارزانی سوپاسگوزاری خۆی ئاراستەی وەزیرەكانی پێشوو كرد كە لە ماوەی كاركردنیان توانیویانە ئەركەكانیان بەشێوەیەكی ڕێكوپێك ڕاپەڕێنن و خزمەتێكی بەرچاو پێشكەش بكەن. ئینجا گفتوگۆ لەسەر بەرنامەی كۆبوونەوەكە كرا كە چەندین خاڵ و پرۆژەی یاسایی و نووسراوی وەزارەتەكان بوو، لەوانە ڕەزامەندی لەسەر نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ بۆ هێنانە قەزای خەبات و سێ ناحیە (ڕزگاری و دارەشەكران و گۆڕەتوو) نیشاندراو بڕیاری پێویستیش بۆ نووسراو و ئەو بابەتانە درا، كە پێشكەش كرابوون. هەر پاش نیوەڕۆی دوێنێ لەبەردەم نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی كوردستان و بە ئامادەبوونی سەركیس ئاغاجان جێگری سەرۆكی حكومەت و وەزیری دارایی و یونان مرقەس حەننا وەزیری پیشەسازی و وزە، لە تەلاری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا هەریەك لە عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدولڕەحیم بۆ پۆستی بریكاری كاروباری بازرگانی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و عەبدولعەزیز شەمسەدین پۆستی بریكاری كاروباری كارەبا لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە، پێیان سپێردراو سوێندی یاساییان خوارد. لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنەكەدا نێچیرڤان بارزانی وێڕای ئاراستەكردنی پیرۆزبایی لە هەردوو بریكار، داوای لێكردن كە دەبێ بە دڵسۆزی و خۆماندووبوونەوە ئەو بەرپرسیارێتییەیان كە ئەركێكی قورسە جێبەجێ بكەن و لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییە دابن بۆ خزمەتكردنی هاووڵاتیان كە پێیان سپێردراوە.